بۆکان له‌ مێژوودا (١٨)　　　ئه‌نوه‌ر سوڵتانی

## گه‌وهه‌رێ : حه‌سه‌ن زیره‌ک

پرۆژه‌ی ئه‌م زنجیره وتاره، که‌ به‌ ئامانجی دۆزینه‌وه‌ و ناساندنی سه‌رچاوه‌ی توێژینه‌وه‌ له‌ مێژووی شاری بۆکان و ده‌وروبه‌ری به‌ڕێوه‌ ده‌چێت، ته‌نیا ئه‌و سه‌رچاوانه‌ ناگرێته‌وه‌ که‌ باسی بۆکان و ناوچه‌که‌یان به‌ گشتی تێداکراوه‌، به‌ڵکوو که‌سایه‌تییه‌کانی ناوچه‌که‌ش ده‌گرێته‌ به‌ر.
حه‌سه‌ن زیره‌ک بێگومان ئه‌گه‌ر ناسراوترین که‌سایه‌تی بۆکان نه‌بێت یه‌ک له‌و که‌سانه‌یه‌ وا ناوی له‌گه‌ڵ بۆکان و ناوی بۆکان له‌گه‌ڵ ئه‌و بوونه‌ته‌ دوانه‌ و پێکه‌وه‌ دێن. من به‌ته‌مام ئه‌و سه‌رچاوانه‌ش وا باسی ژیان و هونه‌ری حه‌سه‌ن زیره‌کیان کردوه‌ بخه‌مه‌ ناو پرۆژه‌که‌وه‌. بۆ ئه‌م کاره‌ له‌ کتێبی ناسراوی "گه‌وهه‌رێ" وه‌ ده‌ست پێده‌که‌م که‌ مامۆستا عوسمان شارباژێری نووسیویه‌ و ئاماده‌ی کردووه‌، ئینجا به‌ره‌ به‌ره‌ له‌ به‌شه‌کانی دیکه‌ی ئه‌م زنجیره‌ وتاره‌دا بابه‌تی دیکه‌ی له‌مه‌ڕ حه‌سه‌ن زیره‌کیش ده‌ناسێنم به‌ڵام بۆ ئێستا هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ به‌سه‌.
"گه‌وهه‌رێ" ی عوسمان شارباژێری به‌ گشتی بریتیه‌ له‌ کۆی هۆنراوه‌ی گۆرانییه‌کانی حه‌سه‌ن زیره‌ک به‌ڵام ٩٠ لاپه‌ڕه‌ی یه‌که‌می له‌ هه‌ندێ وتار و شریت وه‌رگرتووه‌ که‌ حه‌سه‌ن زیره‌ک خۆی و ئه‌ندامانی بنه‌ماڵه‌که‌ی و خه‌ڵکانی تر سه‌باره‌ت به‌ویان نووسیوه‌. شارباژێری ده‌کرا کتێبه‌که‌ی به‌ گه‌لێک بابه‌تی دیکه‌ ده‌وڵه‌مه‌ند بکات به‌ڵام هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ش که‌ کردوویه‌ یارمه‌تییه‌کی باشه‌ بۆ ناسینی زیره‌ک و سه‌رچاوه‌یه‌که‌ بۆ شیعری گۆرانییه‌کانی.

عوسمان شارباژێری، گه‌وهه‌رێ، ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی، به‌غدا، ١٩٨١،٣٦٨ لاپه‌ڕه‌ .